**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

# گۆران و هێمن لە ڕۆژنامەی *کوردستان* چاپی تاراندا

**سامان عیزەدین سەعدوون**[I]

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ

تاریخ دریافت: ۲۴ دی ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۸ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۲۶۱–۲۸۳

## کورتە

وتاری بەردەست توێژینەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی وتارەکانی ناو ڕۆژنامەی *کوردستان* (۱۳۳۸- ۱۳۴۲) کە لەبارەی هەر دوو شاعیری دیاری گەلەکەمان، گۆران و هێمن-ەوە نووسراون، پێگە و ڕۆڵی هونەری و ئەدەبی هەر دووکیان ڕوون دەکەنەوە. تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و پێگەی شاعیرێتیی گۆران لە بواری نوێ‌کردنەوەی شیعری کوردی و کاریگەریی لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەموو ئەو وتارانەی لەو ژمارە تایبەتەی کە بۆ کۆچی گۆران تەرخان کرابوو، خراونەتە بەر خوێندنەوە. لێرەشەوە کۆمەڵێک ڕاستی و تێڕوانینی نوێمان لە بارەی شاعیرەوە گەڵاڵە کردووە کە دەکرێ ببنە بناغەی زانستی بۆ پێگە و ڕۆڵی گۆران لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا. تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی شیعر و وتارەکانی هێمن. هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە بۆچی هێمن دەستکاری شیعرەکانی کردووە لە پاش بڵاوکردنەوەی. لەگەڵ ڕاڤەکردنی گۆڕینی بڕوا و هەڵوێستی لە بیری ناسیونالیستی کوردییەوە بۆ بیری ناسیونالیستی ئێرانی. ڕوون‌کردنەوەی ئەو وێستگە گرنگەی ژیانی هێمن، ئامانجی توێژینەوەکەیە، کە دوو شیعری بۆ شا نووسیوە و بۆخۆی لەبارەیانەوە هیچی نەوتووە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ڕوومان لەو هەڵوێستەی شاعیر کردووە کە دوای دابڕانی لە جەماوەرەکەی و بێ‌ئومێدبوونی، ڕوو لە ڕۆژنامەی *کوردستان* دەکات و لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک ئەنجاممان خستۆتە بەردەست.

**وشەگەلی سەرەکی:** گۆران؛ هێمن؛ ڕۆژنامەی *کوردستان*؛ شیعری کوردی؛ نوێخوازی

## چکیده

این مقاله پژوهشی است در مقالات روزنامه‌ی *کردستان* (۱۳۳۸- ۱۳۴۲) که در مورد دو شاعر برجسته‌ی کرد، گوران و هیمن، نوشته شده‌اند و جایگاه و نقش آنان را از لحاظ ادبی و هنری مشخص کرده است. بخش اول پژوهش به نقش و جایگاه شاعری گوران در حوزه‌ی نوشدن شعر کردی و تأثیر او بر شاعران شرق کردستان پرداخته است. همچنین مقالاتی که در این روزنامه به درگذشت گوران اختصاص داده شده بود، مورد تحلیل قرار گرفته‌اند. افزون بر این، برخی حقایق و دیدگاه‌های تازه‌ای را درباره‌ی شاعر ارائه داده‌ایم که می‌تواند اساسی علمی برای نقش و جایگاه گوران در روند نوگرایی شعر کردی محسوب شوند. بخش دوم پژوهش به شعر و مقالات هیمن اختصاص یافته است. در این بخش تلاش شده است به پرسشی پاسخ داده شود که چرا هیمن شعرهایش را بعد از انتشار دستکاری کرده است. البته چگونگی تحول اعتقاد و موضع وی در تفکر ملی‌گرایی کردی به تفکر ملی‌گرایی ایرانی نیز تحلیل شده است. هدف این است که دوره‌ای مهم از زندگی هیمن روشن شود که در آن دو شعر را برای شاه نوشته است و خودش هیچ نظری در این باره نداده است. از دیدگاه روانشناسی به این موضع شاعر توجه کرده‌ایم که بعد از بریدن از مخاطبانش و ناامید شدن، به روزنامه‌ی *کردستان* روی می‌آورد. در پایان نیز نتایج به دست آمده ارائه شده است.

**واژگان کلیدی:** گوران؛ هیمن؛ روزنامه‌ی *کردستان*؛ شعر کردی؛ نوگرایی

---

[I] saman.ezadin@charmouniversity.org

## ۱- پێشەکی

جیهانە شیعرییەکەی هەر یەک لە گۆران و هێمن ئەوەندە دەوڵەمەندە کە بوار بۆ لێکۆڵەر دەڕەخسێنێ هەمیشە کاری نوێ لە بارەیانەوە پێشکەش بکات. ڕۆژنامەی *کوردستان* کە لە نێوان ساڵانی ۱۳۳۸ هەتا ۱۳٤۲ی هەتاوی دەرچووە بەرهەمی شیعریی گۆران و هێمنی بڵاو کردۆتەوە و جێی بایەخی ڕۆژنامەکە بوونە؛ بەو هۆیەشەوە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی نوێی شیعری کوردی جێ‌هێشتووە و لای شاعیران و خوێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر دەناسرێن. گۆران کە لە ساڵی ۱۲۸۳ لە هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە و شاعیرێکی بەناوبانگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە نوێ‌کردنەوەی شیعری کوردیدا؛ تەنانەت ناوبانگی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا بڵاو بۆتەوە، پێگەی ئەو، لای ڕەخنەگرانی بیانی، وەک شاعیرێکی هەڵکەوتوو، جێگایەکی دیاری هەیە، هەربۆیە ڕۆژنامەی *کوردستان*، کە لە تاران بە زمانی کوردی دەردەچوو، شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە. لە دوای کۆچ‌کردنی، دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە لە ساڵی ۱۳٤۲ ژمارەیەکی تایبەت بە کۆچی گۆران تەرخان دەکەن،کە بۆ یەکەم جارە لە باشووری کوردستان ئەو زانیاریانەمان لە بارەی گۆرانەوە دەکەوێتە بەردەست،کە بۆخۆیانیش دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکە. سەبارەت بە هێمن، ئەو لە ساڵی ۱۳۰۰دا لە گوندی لاچین نزیکی سابڵاخ لەدایک بووە و بە چەندین وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیوە. لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە،کە ئاخۆ بۆچی هێمن لە وێستگەیەکی گرنگی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆیدا ڕوو لە جۆرە شیعر و وتارێک دەکات کە لە دوای بڵاوکردنەوەی دیوانەکەیشیدا هەندێ لەو شیعر و وتارانەی فەرامۆش دەکات و لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا نە خۆی و نە کەسانی تر ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە بۆ یەکەم جارە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاران کە لە ساڵی ۱۳۳۸ هەتا ساڵی ۱۳٤۲ لە تاران دەرچووە، بە مەبەستی تیشک خستنەسەر دوو دەنگی شیعری دیاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، بەسەر بکرێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتاوە شیعری گۆرانی بڵاو کردۆتەوە و بۆ کۆچەکەیشی ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت،کە گۆران کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبووە. هەر بۆ یەکەم جاریشە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شاعیری گەورەمان هێمن لە نێو ئەو ڕۆژنامەدا دەکەین، کە دەکەوێتە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری مێژووی نوێی گەلەکەمانەوە. ئەوەی جێی بایەخە بۆ توێژینەوەکە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئایا بۆچی هێمن خۆی لەم وێستگەیەی ژیانی پاراستووە و نە لە دیوانی یەکەمی و نە لە دووبارە چاپ‌کردنەوەی بەرهەمەکانیدا ئاوڕی لە شیعر و وتارەکانی ناو ڕۆژنامەی *کوردستان* نەداوەتەوە. بێجگە لەوەش، هیچ لێکۆڵەرێکیش بایەخی بەو

لایەنە نەداوە و ئاوڕیان لەو شیعر و وتارانەی هێمن نەداوەتەوە کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاو کراوەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر قۆناغێکی مێژوویی گرنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان و دەرخستنی ڕاستییەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی *کوردستان*، کە ئەمەش بۆ خۆی خزمەت بە پێشخستنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات. لە لایەکی ترەوە، خزمەت بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکات. وەک ئاشکرایە، دەزگای «بنکەی ژین» و ئەکادیمیای کوردی، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان هەبووە لە بەچاپگەیاندنی هەموو ژمارەکانی *کوردستان* لە چوار بەرگی ڕازاوەدا، کە بۆ یەکەم جارە سەرجەمی ژمارەکانی پێکەوە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد و بۆ ئێمەش کارئاسانی بوو بۆ بەسەرکردنەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە.

### ٢ـ گۆران لە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا

ڕۆژنامەی *کوردستان* ڕۆژنامەیەکی حەوتەیی کوردی، سیاسی، زانیاری، وێژەیی، کۆمەڵایەتییە، خاوەنی ئیمتیازی عەبدولحەمید بەدیع ئەلزەمانی، بە چاودێری دەستەی نووسەران مەحمەد سدیق موفتیزادە، عەبدولڕەحمانی موفتیزادە، ئەحمەدی موفتیزادە، عابد سراجەدینی و شوکروڵڵای بابان لە ساڵی ١٣٣٨ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە تاران دەرچووە. لە ژمارەی ١٩٥ـی ساڵی چوارەمی ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا لە ٢٤ـی بەهمەن ١٣٤١ بەرانبەر ١٣ـی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا بە ناونیشانی «کۆستێکی گەورە» هەواڵی مردنی گۆرانی شاعیر بڵاو دەکرێتەوە. ئاشکرایە کە گۆران لە ١٨/ ١١/ ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، واتە لە ١٣/٢/ ١٩٦٣ ئەم هەواڵە دەگاتە ڕۆژنامەکە.

لە کوردستانی عێراقدا، لە ماوەی ئەو ساڵانەی ڕۆژنامەکە دەرچووە، جگە لە گۆران نووسەر و شاعیری تریش مردوون، وەکوو ڕەوانشاد ڕەفیق حیلمی، کەچی جێی بایەخیان نەبووە؛ بەڵام مردنی گۆران دەبێتە جێی بایەخیان. دیارە هۆکارەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی شاعیرێتی لە بواری نوێکردنەوە و داهێنانی شیعر و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە لاپەڕەی ١٢ـی هەمان ژمارەدا بە ناونیشانی «زانایان نامرن» وتارێکی بەنرخ بڵاو کراوەتەوە،کە تێیدا پێگەی هونەریی گۆران لە نوێکردنەوەی شیعردا و شوێنی ئەو لە داهێنانی شیعریدا بەرز نرخێنراوە. لە وتارەکەدا، کە ناوی نووسەرەکەی پێوە نییە، ئەو پرسیارە دەکرێت کە، «ئایا چ هۆز و گەلێکی جیهان زانایەکی وەکوو گۆرانی تیادا هەڵکەوتووە؟ بەڵکوو هی جیهانە، ئەبێ جیهان بیرەوەری لێوە بکات» (*کوردستان*، ١٣٤٢، ژ. ١٩٥). جێی شانازییە

کە گۆران بە زانایەکی جیهانی تۆمار دەکات. لەبارەی ڕۆڵیەوە لە نوێکردنەوەی شیعردا، دیدی ڕۆژنامە بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو: «مامۆستا گۆران لە چوارچێوەی یاسای هۆنراو بەرزتر و بەربڵاوتر هەنگاوی داناوە، لە هەڵبەستا چەشنێکی تازەی بەدی هێناوە؛ کە هەڵبەستی نوێ ئەهۆنێتەوە، بۆ لاوەکانی بیرڕووناکی هاوزمانی، بۆ گەلی ژێر و زانای کوردستان، ئەوە ئەوە کە بەستەی دڵدار پێشکەشی لاوەکانی نیشتمانپەروەری کوردستان ئەکات و ئەڵێ:

لە ژێر ئاسمانی شینا
لە پاڵ لووتکەی بەفرینا
کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام. (ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣٤٢، ژمارە ١٩٥)

هەر لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا دەقێکی شیعری گۆران بە ناونیشانی «بووکێکی ناکام» بڵاو کراوەتەوە. شاعیری دیاری ڕۆژنامەکە عابد سەراجەدین شیعرێکی بۆ کۆچی گۆران لەو ژمارەیەدا بڵاو کردۆتەوە:

نەڵێی داخەکەم کوردان نامناسن
شوێنەوارانم بێقەدر و باسن
لامان گرانە پەڕاو و دێڕت
دێڕت وەک زێڕە لای خاوەنئایین
هۆنراوەکانت پردی زمانە
بۆ تاریکی ڕێی تیشکی ڕووناکین

لە دوای ئەوەی کوردە خاوێنەکان لەو کۆستە گەورەیە ئاگادار کرانەوە، ئەوانیش گەلێ وتار و هەڵبەستی تایبەت بۆ کۆچی گۆران ڕەوانەی ڕۆژنامەکە دەکەن. هەر بۆیە، ژمارەی ١٩٧ تایبەت دەکرێت بە بیرەوەریی کۆچی دوایی شاعیری نەمری کورد، مامۆستا گۆران.

لە لاپەڕەی دووی ڕۆژنامەکەدا وتارێکی گرنگ و پڕ بایەخ بە ناونیشانی «بەسەرهات و شوێنەواری مامۆستا گۆران»، نووسینی هیوا بڵاو کراوەتەوە، کە بە پێی میتۆدێکی زانستیانە توێژینەوەکە ئەنجام دراوە. بەو پێیەی سوودی لە شەش سەرچاوە وەرگرتووە، کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، جگە لەوەی پشتی بەستووە بە تێڕوانینەکانی هەردوو لێکۆڵەر و ڕەخنەگر، مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و عەلادین سەجادی. نووسەر سەرەتا بە کورتەیەک لەبارەی ژیانی گۆران و بەرهەمەکانیەوە چۆتە ناو باسەکەوە و لە پاشاندا لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی هەندێک لێکۆڵەری بیانی و وتەکانی شاعیر خۆیەوە، لێکدانەوەیەکی زانستیانەی دەربارەی شێوەی شیعر و هەڵبەستەکانی خستۆتە بەردەست. بەم پێیەش، لە ڕووی دەرخستنی پلەی

شاعیرێتی و توانای داهێنانی هونەریی شیعریی شاعیرەوە، کۆمەڵێک ئەنجامی داوەتە دەست. لەم ڕووەوە لە پێگەی دیاری گۆران دواوە و شوێنی لە نێو ئەدەبی جیهانیدا بەرز نرخاندووە. ڕای ئیدمۆنس کە کوردناسێکی ئینگلیزییە دەهێنێتەوە، کە سەرسام بووە بە شیعری گەشت لە هەورامانەکەی گۆران و وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و بەم شێوەیە هەر زوو دەقە شیعرییەکانی شاعیر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوچەکە و جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ڕای ا. ب. سوەن، نووسەر تێڕوانینێکی نوێ دەخاتە بەردەست کە تا ئێستا هیچ لێکۆڵەرێکی کورد ڕایەکی لەو جۆرەی نەخستۆتە ڕوو. ئەویش ئەوەیە ئەو بۆچوونە بە ڕاست نازانێتکە گۆران لە شیعری ئینگلیزی و تورکی ئیلهامی وەرگرتبێت و نوێکردنەوە و شێوازی شیعری لە ژێر کاریگەریی لاساییکردنەوەی ئەو دوو ئەدەبەدا بەئەنجام گەیاندبێت؛ بەڵکوو نووسەر پێی وایە ئەو بۆچوونە،

بڕوایەکی دروست و ڕاستەقینە نییە، چونکە هەڵبەستەکانی گۆران بێجگە لە یەک دوویەکیان، گشتی باسی کورد و وڵاتەکەیەتی، شێوەی هەڵبەستەکانیشی لە هیچ کوێ لاسا نەکراونەتەوە، چونکە هەر وەک دیتمان شیعرەکانی گۆران لە شێوەدا هەر ئەوانەن کە سەدان ساڵ لەمەوپێش لە چریکە کوردییەکاندا پێک دەهێنرا. ئەو زمان و شیعر و ئەدەبە کوردییە تەنیا لە بیری کوردی ئاوی دەخواردەوە، هەر وەک ئێستەش زۆر وایە و پێچوونی شیعری کوردی و شیعری ئینتی گەلانی تر کە دەیانەوێت لە بەندی قەواعیدی عەرووزی ڕزگاریان بێ، نابێ ئەو بخاتە سەر ئەو گومانە کە شیعری کوردی لاساکراوەی شیعری وانە. (هیوا، کوردستان، ١٣٤٢، ژمارە: ١٩٥)

نووسەر لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «مامۆستا گۆران باشتر لە گشت شاعیرانی تر توانی تەبیعەتی شیعری کوردی لە هەڵبەستەکانیدا بپارێزێ» (سەرچاوەی پێشوو). لە بەر ڕۆشنایی ئەم وتانەوە چەند ڕاستییەک ڕوون دەکەینەوە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە گۆران دەخاتە پێشەوەی شاعیرانی کوردەوە لە بواری پاراستنی سروشتی شیعری کوردی،کە دیارە مەبەست لە ڕەسەنایەتی و بیری کوردییە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لە بەیت و چریکە کوردییەکاندا پەیڕەوکراوە لە شێوەی داستانی «خەج و سیامەند» و «شیرین و خەسرەو». ڕاستییەکی تریش ئەوەیە کە سروشتی شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوە پابەندی یاساکانی عەرووزی عەرەبی نەبووە؛ لە کاتێکدا گەلانی تر پابەندی ئەو شێوەیە بوونە و دوای چەند قۆناغێک ئەوجا توانیویانە لە یاساکانی عەرووزی لابدەن. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بۆچوونەی، نووسەر پشتی بە ڕای گۆرانی شاعیر و دوو لێکۆڵەری بیانی بەستووە. لەبەر گرنگی بۆچوونەکان دەیانخەینە ڕوو:

قەواعیدی عەرووزی، شیعری عەرەبی و فارسیی وەک دیل لەبەندیدا دەستپێچ کردووە.کورد نەتەوەیەکە عاشقی ئەفسانە و پیاوەتی و سەربەستییە؛ لەسەر ئەوەشڕا زمانەکەیان هێزێکی

> تەبیعی هەیە بۆ بەیان‌کردن. ئەو نەتەوەیە هەڵبەست و هۆنراوەیەکی زۆری دەرخستووە؛ دەتوانین بڵێین کە هەمیشە خاوەنی هەڵبەست و گۆرانی بووە، کە بەشی زۆریان ئێجگار بەنرخن. قەواعیدی ئاڵۆز و شێواوی علم العروض کە شیعری فارسی و عەرەبی و تورکی بێ‌هێز و بێ‌نوکتە کردووە، لە کوردیدا تەئسیری نەبوو. (سەرچاوەی پێشوو)

بە پێی ئەو وتانە، شیعری عەرەبی و فارسی و تورکی پەیڕەوی عەرووزییان کردووە، بەڵام گەلی کورد هەمیشە خاوەنی هەڵبەست و گۆرانی بووە کە بەشی زۆریان ئێجگار بەنرخن؛ چونکە بەلایەوە زمانی کوردی هێزێکی سروشتی و خۆڕسکانەی هەیە بۆ دەربڕینی مەبەست، بۆیە هەر لە زووەوە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری زانستی عەرووزی. بەم پێیە شاعیرانی کورد تایبەتمەندی سیمای ڕەسەنێتی شێوەی شیعری کوردییان پاراستووە، بێ هیچ لاسایی‌کردنەوەیەک. هەرچەندە لە سەردەمی میرنیشنی بابانەکاندا پەیڕەوی شیعری عەرووزی کراوە، بەڵام بە دەستی گۆران لە ۱۹۳۰ بە دواوە، بۆ ئێجگاری کێشی عەرووزی بەلاوە دەنرێ و شاعیران دەگەڕێنەوە سەر کێشی پەنجەی بڕگەیی. نووسەر لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

> زمانی کوردی لە بناغەدا شاعیرانەیە وگەلی کورد زۆرتریان شاعیرن. شیعری کوردی تەواو تەبیعییە، شتی دروستکراو و مەسنووعی ناتوانێ جێی تێدا بکاتەوە. هۆنەر دەتوانێ هەر کاتێ ویستی، ڕێ و شوێنێکی تازە دروست بکا. شیعری کوردی قاعیدەیێکی ساپتی نییە کە شیعر دەربەستی بێ. هۆنەری کورد دەیەوێ بیری خۆی دەربڕێ؛ ئامانجی تەنیا ئەوەیە کە ئەو بیرەی بە باشی و ڕوونی وەدی بێنێ. هەر شیعرێک، هەر گۆرانییەک شێوە و ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە. (سەرچاوەی پێشوو)

ئەم وتانە بۆ شیعری نوێ دروست و ڕاستن، بەڵام هەرگیز لەگەڵ بنەماکانی شیعری کلاسیکی کوردی سەردەمی میرنشینی باباندا ناگونجێت؛ چونکە شیعری قوتابخانەی بابان بە عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە و ڕێ‌وشوێنی تایبەتی خۆی هەیە؛ لەسەر یاسایەکی جێگیر و چەسپاو بەڕێوە چووە. سەبارەت بە داستان و لاوک و حەیرانی کوردی بەڵێ تا ڕادەیەکی دیار یاسایەکی جێگیری نییە،کە شیعر لە سەری بڕوات، بەڵکوو زیاتر ئامانجی گەیاندنی ئەو بیرەیە،کە دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر. ئەم جۆرە شیعرانە بنیاتی شیعری پەخشانیان هەیە و پابەندی کیش و سەروا نابن، زیاتر بایەخ بە مۆسیقا دەدەن. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە بنیاتی شیعری دیالێکتی گۆران کە بە کێشی بڕگەیی بنیات نراون، هەمان ئەو کێشەیەکە لاوک و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیی پێ بنیات نراوە،کە جێگای بایەخی نووسەر نییە؛ لە کاتێکدا گۆرانی شاعیر خۆی باس لە بایەخی ئەم کێشە شیعرییە خۆماڵیە ڕەسەنە کوردییە دەکات. هەروەک لەو وتانەیدا دەردەکەوێت کە لە پێشەکیی دیوانی *بەهەشت و یادگار* (۱۹۵۲)دا نووسیوێتی:

> شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە لەگەڵ تایبەتمەندیی

زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ؛ بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی، وە لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵا کرد. مەگەر پێویستییەکی هاندەری تایبەتی ڕووبدا.

هەرچەندە نووسەر وتەکانی گۆران-ی وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی هێناوەتەوە، بەڵام ئاماژە بەوە ناکات کە گۆران خۆی کێشی بڕگەیی بە کێشی تایبەتی نەتەوەییمان داناوە، بۆیە ڕووی لێدەکات و لە عەرووزی عەرەبی دوور دەکەوێتەوە. لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «لە بەیت و چریکەی کوردیدا پەخشان و هەڵبەست و مۆسیقا تێکەڵن» (هیوا، *کوردستان*، ١٣٤٢، ژمارە ١٩٥). لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت،کە گۆران شێوەی شیعر و هەڵبەستەکانی لە فۆرمی بەیت و لاوکی کوردی وەرگرتووە و لاسایی بێگانەی نەکردۆتەوە. هەروەک خۆیشی لە نامەیەکیدا کە بۆ پیرەمێردی شاعیری نووسیوە، دەڵێ:

لەم ڕۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا، لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا، ئاخر بێچوومان هاتە دنیا، بەخوێن، بە کاڵا، بەباڵا، لە بەچکەی کورد، لە ڕۆڵەی پەری ئەچوو ... لەخۆشیانا وەختەبوو گەشکەم پێ بگات نەختێک یان گەلێک لاواز بوو .. مع مافیە لاوازی لای من مەتڵەب نەبوو. من تەلیسمی سک و زای شیعرم ئەویست شیعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە ... هەیهات! هەیئەتی ئختیاریە، بە جلی بێگانەوە نەبێ پەریزادە ناناسنەوە. وتیان پۆپلانەی موتەنەببی و مەعەڕڕیی عەرەب و موجەوهەراتی حافز و سەعدیی عەجەم و متومۆرووی نەفعی و باقی تورکی پێوە نییە ....» (ئومێد ئاشنا، ٢٠٠٢: ٩٦).

ئەدمۆنس دەڵێ: «گۆران لە دەربڕینی بیروڕای خۆی ئێجگار بەتوانایە، مەبەستی خۆی دەتوانێ وا دەربڕێ کە خوێنەر هەڵبەستەکانی ئحساسی وەی بکا کە لەگەڵ خۆی قسە دەکا، وە یان لە باسی دیمەنێک خوێنەری هۆنراوەی وی وەدەزانێ ئەو دیمەنە بەچاو دەبینێ» (هیوا، *کوردستان*، ١٣٤٢ ژمارە ١٩٥). یان دەڵێ: «لە بابەت هەورامانەوە هیچ تەوسیفێکی من جوانتر نابێ لەوەی کە میرزا عەبدوڵا گۆران هۆنەری ئێستای کورد لە گەشتی هەوراماندا گوتویە ...» (سەرچاوەی پێشوو). لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا نووسەر چەند ئەنجام و سەرنجێک لەبارەی تاقی کردنەوەی نوێیی شیعری گۆران دەخاتە ڕوو: «گۆران هەڵبەستەکانی بە کوردییێکی پەتی نووسیوە، هەریەک لە وشەکان مەعنایەک دەردەخەن کە ئەو مانایە زۆرجار بە چەند ڕستەیەکیش بەیان ناکرێ، قودرەتی بەیانی گۆران «شاری پەنجەرە و دەرگا داخستوو»، «وەیەک گیاندار و بێ‌گیان تیا نووستوو» و «سەختی ژیان ئاسان‌کەر»، «ڕێگای هیوانیشاندەر» (سەرچاوەی پێشوو).

بەم پێیە ئەو ڕایەی ڕەفیق حیلمی و سەجادی ڕەت‌دەکاتەوە کە پێیان وایە گۆران ئیلهامی لە شیعری ئینگلیزی و تورکی وەرگرتبێت؛ هەڵبەستەکانی گۆران بێجگە لە یەک دوو دەق، ئەوا گشتی باسی کورد و وڵاتەکەی دەکات، لاسایی کەسی نەکردۆتەوە، کە بە لایەوە شیعرەکانی لە

شێوەدا هەر ئەوانەن کە سەدان ساڵ لەمەوپێش لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەریگرتوون، کە بیری کوردی سەرچاوەی ئەو دەقانە بوون. جێگای خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین،کە ڕەخنەگرانی کورد ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە گۆران کاریگەریی مەولەویی لەسەر بووە، بە تایبەتیش لە گەڕانەوەی بۆ کێشی برگەییدا. (عەلی، ۲۰۰۵)

لە دوای کۆچی گۆران، ڕۆژنامەی *کوردستان* زیاتر لە جاران بایەخی بە شیعرەکانی داوە، بە ڕادەیەک لە هەر ژمارەیەکی تازەدا شیعرێکی بڵاو دەکاتەوە. لەم ڕووەوە هێمن دەڵێ: «گۆران لە کوردستانی ئێراندا خۆشەویسترە و شیعرەکانیشی لەوێ بڵاوترە» (*هاوکاری*، ژمارە ٢٣٤، ١٩٧٤/٩/١٣). شیعری «گوڵی خوێناوی» لە ژمارەی ۱۹۸دا بڵاو کراوەتەوە. هەر لە هەمان ژمارەدا بە بۆنەی کۆچی مامۆستا گۆرانەوە بابەتێک بە ناونیشانی «مامۆستای نەمر» لە نووسینی کاردۆ بڵاو دەبێتەوە. نووسەر ڕەخنە لە گەلەکەی دەگرێ کە ڕێز لە نووسەر و شاعیران و ناودارەکانی خۆی ناگرێت. ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات،کە گۆران وەستایەکی لێهاتووی کارامەیە لە بەکارهێنانی وشەی کوردی لە بنیات‌نانی دەقەکانیدا. لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ: «ئەڵێن گۆران مرد، بەڵام نە ئەو، نە هاوماڵەکانی لە پیرەمێرد و بێکەس و ... نامرن، ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین» (کاردۆ، *کوردستان*، ۱۳٤۲، ژمارە ۱۹۸).

ئەو شیعرانەی کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان* لە دوای کۆچی گۆرانەوە بڵاو بۆتەوە ئەم دەقانە بوون: «جیلوەی شانۆ»، ژمارە ۱۹۹؛ «هاوڕێم بێکەس»، ژمارە ۲۰۰؛ «شینی گۆران» نووسینی هێمنی شاعیر؛ «نیاز»، ژمارە ۲۰۱؛ «بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست»، ژمارە ۲۰۲؛ «شیوەنی گوڵاڵە»، ژمارە ۲۰۳؛ «بۆ جوانی سەرەڕێ»، ژمارە ۲۰٤؛ «ڕەوتێکی جوان»، ژمارە ۲۰۵؛ «لە درزی پەچەوە»، ژمارە ۲۰٦؛ «هەڵبەستی پەشیمانی»، ژمارە ۲۰۸؛ «لاوانەوەی سەرەڕێ»، ژمارە ۲۰۹.

### ۳- هێمن لە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا

مەحمەد ڕەزا شا لە ۱۳۲۰ وەک شای ئێران تا ساڵی ۱۳۵۸فەرمانڕەوایەتی کردووە. لە هاوینی ۱۳۳۲ شای ئێران کە لە ژێر گوشار و هەڵچوونی جەماوەریدا ناچارکرا وڵات بەجێ بهێڵێ و بەغدا بوو بە نیوەی ڕێی. لە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد بۆ یەکەم جار یەکەم شیعری هێمن لە شەقامەکانی شاردا بە سەر زاری خەڵکەوە بەو ڕووداوە دەوترێتەوە: «دەبڕۆ ئەی شاهی خاین / بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ». شایانی ئاماژەیە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لایەنگرانی شا و ژەنەراڵەکانی ئەرتەش و مەلا گەورەکان و دەرەبەگە دەسەڵاتدارەکان بە یارمەتیی ئەمریکا و ئینگلیز کۆدەتایەکیان سازدا و سەرۆک وەزیر دوکتۆر موسەدیق بە خۆی و هەموو وەزیر و وەکیل و ڕووناکبیران و مامۆستایان و لایەنگرەکانیەوە لە بەندیخانە توند کران. (ڕۆژنامەی *کوردستان*،

بەرگی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢: ٣). «شا گەڕایەوە بۆ ئێران و کابینەی تازەی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ فەزلوڵڵا زاهیدی پێک‌هێنرا. (سەردەشتی، ٢٠٠٩: ٢٢٠)

دوابەدوای کەوتنی موسەدیق، سیستمی فەرمانڕەوایەتی لە ئێران بە ئاڕاستەی دیکتاتۆری و تاکڕەوی هەنگاوی دەنا. ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا، داوای ڕیفۆرمی لە شا دەکرد و دەوڵەتی ئێران کەوتەخۆ. ڕێگا و بان و خیابان و مەیدانێکی زۆر لە مهاباد ڕاکێشرا و هەموو قیرتاو کرا. لەم حاڵەتەدا تاران چرای ئازادی بۆ لاوانی کورد هەڵکرد. هەر دوای ماوەیەک دەوڵەتی ئێران دەیەوێ ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکا، مەبەست لە دەوڵەتیش دەزگای ساواکە. هەموو کاروبار بە دەست ساواک دەبێت، هەموو بوودجەکەش خۆیان دەیدەن، ئێمەشیان دەستنیشان کردووە وەک بەڕێوەبەر و نووسەر. ئامانجی ئەوان خزمەتە بە سیاسەتی خۆیان، ئامانجی ئێمەش خزمەتە بە زمان و ئەدەبی کوردی. پێمان خۆش بوو بزانین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە ئەم کارە چۆنە. ئەمانە قسەی هەریەک لە ئەحمەدی موفتی‌زادە و دکتۆر مەحمەدسدیق موفتی‌زادە و دکتۆر عەبدولڕەحمانی موفتی‌زادەیە، کە لە کۆبوونەوەیاندا بە بەڕێوەبەرانی خوێندکارانی کوردیان وتووە لە تاران. دیارە خوێندکاران لە سەرەتاوە ڕازی نابن و کارەکەش بە خیانەت و جاشایەتی لەقەڵەم دەدەن. (مەحمەدسدیق موفتی‌زادە، ڕۆژنامەی *کوردستان*، بەرگی یەکەم، ٢٠١٢)

بەڵام موهتەدی باوکی سەلاحەدین چاوی بە خوێندکارەکان دەکەوێت و پاش ڕاوێژ و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا و ڕوون‌کردنەوەی دۆخەکە و هەڵسەنگاندنی و خستنەڕووی باشیەکانی بوونی ڕۆژنامەکە، خوێندکارەکان ڕازی دەکات. «ئێمە لە تاران ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانیمان لە گوێ گرت و نەسڵی لە ئێمەش بەتەمەنتر وەک هێمن و خاڵە ئەمین لە کوردستان کە هەر ڕاسپاردەیان پێگەیشتبوو دەستیان دایە ناردنی شیعر و مەقالە» (بەرگی یەکەمی ڕۆژنامەی *کوردستان*، ٢٠١٢).

> لە ساڵی ١٣٣٨دا کە لە لایەن حکوومەتەوە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو، پێشنیاری سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیەم قبووڵ کرد، چونکە لە لایەکەوە بە هەڵێکی گەورەم زانی کە لەو ڕێگایەوە، بە پێی توانی خۆم خزمەت بە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلە چەوساوەکەمان بکەم و لە لایەکی دیکەشەوە، پێم وابوو دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، باوەکوو مەبەستێکی تەبلیخاتیشی تێدا بووبێ، بەڵام پێ‌هاتنێکی بەڵگەدار بوو سەبارەت بە هەبوون (مەوجوودییەت)ـی گەلی کورد [و] زمان و ئەدەب و نیشتمانی. (محەمەدسدیقی موفتی‌زادە، ڕۆژنامەی کوردستان، بەرگی یەکەم: ٣)

لەبارەی دەرکردنی ڕۆژنامەی *کوردستان*-ەوە، هێمنی شاعیر لە پێشەکی دیوانی *تاریك و ڕوون*-ەکەیدا کۆمەڵێك زانیاری خستۆتە ڕوو، بەڵام بێ ناوهێنان؛ هەر وەك دەڵێ:

> له‌ دوای ساڵی ١٣٣٢ تووشی لاوێكی ڕووناكبیر و تێكۆشه‌ری كورد هاتم كه‌ ئازادیخوازێكی شێلگیر بوو، بڕوای به‌ چاره‌سه‌ركردنی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی هه‌بوو ... له‌مێژ بوو هاواری ده‌كرد كه‌ ڕۆژنامه‌كانی سه‌ر به‌ حیزبی تووده‌ ڕۆژنامه‌ی چاك و به‌كه‌ڵكن، به‌ڵام ده‌رمانی ده‌ردی ئێمه‌ ناكه‌ن ... به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ گوێی نه‌ده‌درایه‌ ... ئه‌و لاوه‌ كه‌ ده‌سه‌ڵاتیشی زۆر بوو، بڕیارمان دا ڕۆژنامه‌ی كوردستان چاپ بكه‌ینه‌وه‌، به‌ڵام كۆدیتای شوومی ٢٨ی گه‌لاوێژی ١٣٣٢ بۆ ماوه‌یه‌كی دوورودرێژ لێكی‌جوێ كردینه‌وه‌ ... ئه‌و لاوه‌ تێكۆشه‌ره‌ پاش چه‌ند ساڵ ئاواتی منی هێنایه‌دی و توانی ڕۆژنامه‌ی كوردستان چاپ و بڵاو بكاته‌وه‌. (هێمن، ١٩٧٤: ٤٠)

ئه‌و لاوه‌ی هێمن ناوی نه‌هێناوه‌، هه‌ر ده‌بێت خوالێخۆشبوو ئه‌حمه‌دی موفتی‌زاده‌ بێت؛ به‌و به‌ڵگه‌یه‌ی كه‌ سه‌لاحه‌دینی موهته‌دی وه‌ك یه‌كێك له‌و خوێندكارانه‌ی كه‌ له‌ تاران بووه‌ و چاوی به‌ ده‌سته‌ی نووسه‌رانی ڕۆژنامه‌كه‌ كه‌وتووه‌، باسی ئه‌حمه‌دی موفتی‌زاده‌ ده‌كات كه‌ ڕۆڵێكی سه‌ره‌كی گێڕاوه‌ له‌ ده‌ركردن و به‌ڕێوه‌بردنی ڕۆژنامه‌كه‌دا. جگه‌ له‌وه‌ش زۆرترین بابه‌ت و وتاره‌كانی ڕۆژنامه‌كه‌ له‌ نووسین و ئاماده‌كردنی ئه‌حمه‌دی موفتی‌زاده‌یه‌.

دوای ده‌رهاتنی ڕۆژنامه‌ی *كوردستان* و بڵاوبوونه‌وه‌ی به‌ وڵاتی ئێراندا، له‌ ڕێگه‌ی كه‌سێكی خه‌ڵكی گونده‌كه‌یانه‌وه‌ ڕۆژنامه‌كه‌ ده‌گاته‌ ده‌ستی هێمن و ئه‌ویش بۆ ده‌ربڕینی هه‌ست و خۆشه‌ویستیی خۆی به‌رانبه‌ر ده‌رچوونی ڕۆژنامه‌كه‌، نامه‌یه‌كیان بۆ ده‌نێرێت. ئه‌وانیش له‌ ژماره‌ ٦ی ساڵی ١٣٣٨دا به‌شێكی زۆری لێ بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌. له‌گه‌ڵ نامه‌كه‌شدا سێ پارچه‌ شیعری كۆنی خۆی به‌ دیاری بۆ ناردوون كه‌ له‌باره‌یانه‌وه‌ ده‌ڵێ: «ئه‌گه‌ر به‌ دڵتانه‌وه‌ نووسان و پێتان باش بوون، ئه‌وه‌ چاپیان بكه‌ن و ئه‌گه‌ر باش نه‌بوون، لاوانه‌وه‌ و ته‌شویقم ناوێ و پێم ناخۆش نابێ چاپ نه‌كرێن، چونكه‌ مه‌به‌ستی من خزمه‌ت به‌ زمانی كوردییه‌ نه‌ك خیانه‌ت، له‌وه‌ پاشیش ورده‌ ورده‌ بۆتان ده‌نووسم و ده‌نێرم» (ڕۆژنامه‌ی *كوردستان*، ژماره‌ ٦، ١٣٣٨).

له‌و وتانه‌وه‌، دوو ڕاستیی گرنگ به‌ده‌ست ده‌هێنرێت: یه‌كه‌میان ئه‌وه‌یه‌ هه‌موو شاعیرێک له‌ دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كه‌ی حه‌زده‌كات ده‌ستخۆشی لێ‌بكرێت، به‌ڵام ئه‌م، پێچه‌وانه‌ی شاعیرانی تر، به‌وپه‌ڕی ته‌وازوعه‌وه‌ چاوه‌ڕوانی پاداشت و ده‌ستخۆشی له‌ گه‌له‌كه‌ی ناكات. دووه‌م ڕاستی كه‌ له‌و وتانه‌وه‌ به‌ده‌ست ده‌هێنرێت ورووژاندنی مه‌سه‌له‌یه‌كی گرنگه‌، ئه‌ویش مه‌سه‌له‌ی خیانه‌ته‌، كه‌ دیاره‌ شاعیر مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ دوای له‌ناوبردنی كۆماری مهاباد و هاتنه‌كایه‌ی دۆخێک كه‌ به‌ لای هێمن و زۆرێک له‌ ڕۆشنبیرانی سه‌رده‌مه‌كه‌وه‌ وا ده‌خوازێت، جۆرێک له‌ خۆگونجاندن هه‌بێت له‌گه‌ڵ حكوومه‌تی ئێرانیدا كه‌ به‌شداربن و دژنه‌بن، به‌تایبه‌تی له‌ پێش‌خستنی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئه‌ده‌بی كوردیدا؛ هه‌روه‌ک ئه‌وه‌ی ڕژێم ڕێگای دابوو كه‌ ڕۆژنامه‌ی *كوردستان* به‌ زمانی كوردی بڵاو بێته‌وه‌. هێمن پێی باش بووه‌ كه‌ به‌ شیعر و نامه‌ خزمه‌تی زمان و ئه‌ده‌بی كوردی بكات، ئه‌و هه‌له‌ بقۆزنه‌وه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی مێژوو و ئه‌ده‌بی كوردی، نه‌ک هه‌ندێک پێیان وا بووه‌ كه‌ نووسین و به‌شداربوون له‌ ده‌رچواندنی بڵاوكراوه‌ خزمه‌تی

ڕاستەوخۆی ڕژێمە، کارێکێ خیانەتکاریی. بۆیە هێمنی شاعیر وەڵامیان دەداتەوە، کە ئەو کارەی جگە لە خزمەت کردن بە زمانی کوردی، کە لەو سەردەمەدا لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا بووە، هیچ ئامانجێکی تری لە پشتەوە نییە و خیانەتیش نییە.

لە ساڵی ١٣٣٨ لە ژمارەی ٧ی ڕۆژنامەکەدا یەکەم شیعری هێمن بە ناونیشانی کچی مەهاباد بڵاو دەبێتەوە. دەقەکە لە ساڵی ١٣٢٦دا نووسراوە، واتە ساڵێک دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد. ئەم شیعرە بە دەستکارییەکەوە ساڵی ١٣٤٣ـش لە دیوانەکەیدا بڵاو بۆتەوە:

به شمشێری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لەکاربێنی، کچیش بی تۆرەمەی مادی
ئەسیری ئاڵقەی زنجیری باسکی تۆیە دڵ ئەی گوڵ!
ئەبینێ ئەو ئەسیرە تازە ڕەنگە، ڕەنگی ئازادی
زەمانە هێمنی ئاوارەی چۆل و بیابان کرد
فەرامۆشی مەکە بێچارەیە توخوا بکە یادی (شیوە ڕەزان، ١٣٢٦)

وشەگەلی ئەسیر و ئازادی ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە، ئاماژەن بۆ دۆخێکی نوێ لە ژیانی شاعیر، کە خۆی وەک ئەسیرێک بینیوە؛ لە دوای ئەوەی کە لە ناو فەزایەکی حوکومڕانی کوردیی ئازادەوە دەکەوێتە ژێر دەستی غەیرەوە، ئەم حەزەی بۆ ئازادی لا دروست دەبێت. لە دوا دێڕی شیعرەکەدا وشەی زەمانە دەلالەتی سەردەمێکە کە شاعیر لە ئاکامە خراپەکانیەوە ئاوارە بووە، تووشی نەهامەتی بۆتەوە، کە هێمن لە دووری هاوڕێکانی و یادەوەرێکانی کۆماردا خۆی بە فەرهاد شوبهاندووە، کە ئەوی عاشقی ئازادی نەگەیشت بە مورادی. بە بڵاوبوونەوەی شیعرەکەی، شاعیر ئارامی دەروونی بۆ دەگەڕێتەوە دوای ئەو دابڕانەی کەوتبووە نێوان خۆی و جەماوەرەکەیەوە. ئەمە یەکەم دەقی شیعریی هێمنە لە دوای ڕووخانی کۆمار، کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد. ناونیشانەکەش دەلالەتی تری هەیە؛ ئاماژەیە بۆ کۆماری مەهاباد. تۆ بڵێی مەهاباد بۆ هێمن دڵی وڵات نەبێ؟ بەتایبەت لەبەر ئەوەی، شوێنی یەکەم کۆماری کوردە، هەر ئەو شوێنەشە کە نیشتمانپەروەرییەکەی لێ گووراوە.

لە ژمارە ٩ی ساڵی ١٣٤٨دا دووەم شیعری بە ناونیشانی «فرمێسکی گەش»ەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەم دەقە ڕەهەندێکی دەروونی هەیە؛ لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ئاکامی تێکشکانی دەروونی بێ ئومێدبوونەوە نووسراوە، کە جۆرێک لە ڕەشبینی لە بنیاتی بابەتی شیعرەکەدا ڕۆڵی گێڕاوە. دەقەکە لە ڕۆژنامەکەدا شانزە دێڕە و لە ساڵی ١٣٢٧ نووسراوە:

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
ئەی خودا! چەند بێ‌کەس و بەدبەخت و چەند چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و مدەتێکیش دەربەدەر
نەمدی ڕووی ئاسوودەگی هەر تووشی گێرە و قەرقەشم
کوشتمی و شەش‌خانی ئومێدی لە من گرتووە حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە تەمای دوو شەشم
دابی کوردی وایە کەس لاگیری لێقەوماو نییە
بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهوەشم

بەڵام لە دیوانەکەیدا دێڕێکی بۆ زیاد کردووە کە دەڵێ:

شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز
کوردە موحتاجی مەحەک نیم زێڕی بێ‌غەلل‌وغەشم

لە ژمارەکانی ۱۲ و ۱۳ و ١٤دا شیعری «بانەمەڕ» بڵاودەکاتەوە، هەمان دەق بە گۆڕینی ناونیشانەکەی بۆ «بەهاری کوردستان» و زیادکردنی حەوت کۆپلە، لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٣٢٦ نووسراوە. پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە هێمن زۆرجار دەستکاری دەقەکانی کردووە. سەرجەم ئەو دەقانەی کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاوی کردۆتەوە، دوای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیاندا، جارێکی تر بە دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاویان دەکاتەوە. لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە دەڵێ: «ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دایدەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی» (۲۰۰۹: ۲۷٦).

لە ژمارە ٤٢ / ۹۳ی ساڵی دووەم ٢٦ی ڕێبەندانی ۲۷٥۲ کوردی، ٦ی بەهمەنی ۱۳۳۹ هەتاوی، ۲۹ی شەعبانی ۱۳۸۰ کۆچی، ١٥ فیڤریەی ١٩٦١ زایینی ل. ۹، دەقێک بە بۆنەی لەدایکبوونی وەلیعەهدەوە بە ناونیشانی «بەهاری بێ‌خەزان» بڵاو دەکاتەوە. ئەم شیعرە لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا چاپ و بڵاونەکراوەتەوە. لە ژمارەی ۹٦ی ساڵی ١٩٦١ ل. ۹ شیعرێکی بە ناونیشانی «زیبکی شاهانە» کە لە ١٩٥٦دا نووسراوە، بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقەش لە دیوانەکانیدا بڵاونەکراوەتەوە. هێمن دەڵێ: «ئەمن ئەو شیعرەی کە بۆ زەمانێکی تایبەتی دەگوترێ بە شیعر نازانم، بە شوعاری دەزانم. ئەمن پێم وایە کە شیعر ئەوەیە کە پاش مردنی شاعیریش زیندوو بێ» (٢٠١٤: ٧٢٦). بەم پێیە، شیعری «زیبکی شاهانە» و «بەهاری بێ‌خەزان» کە بۆ زەمانێکی تایبەتی نووسراون شیعر نین، بەڵکوو دروشمن؛ هەرچەندە هیچ سۆزیکی ڕاستەقینە لە پشتی ئەو دوو دەقەوە نییە؛ هەر بۆیەش داماڵراوە لە ئەندێشەی داهێنەرانە.

شاعیری داهێنەر دەبێت ڕچەشکێن بێت لە کردنەوەی ڕێچکە و شێوازی نوێ و لە وتنی ڕاستییەکاندا، نەک پەردەپۆشیان بکات و لە جەماوەرەکەی بیانشارێتەوە؛ بە جۆرێ کە نەوەی داهاتوو تووشی سەرلێشێوان بێت و هەمیشە وێڵ بێت بە دوای ڕاستییەکاندا. لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بە شیعری «بەهاری بێ‌خەزان» و «زیبکی شاهانە» و وتارەکانی کە بۆ شای ئێرانی نووسیوە نەکردووە، پێدەچێت لێیان پەشیمان بووبێتەوە؛ چونکە خۆی لە «لە کوێوە بۆ کوێ؟» و لە چەند شوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو، مرۆڤە و مرۆڤیش هەڵە دەکات. لە هەمان ژمارەدا دوو شیعری تر بە ناونیشانی «دڵی شاعیر» و «خونچەی سیس» بڵاو دەکاتەوە.

لە ژمارەی ٩٧ی ساڵی ١٣٤٠، «بەهاری لادێ» بڵاو دەکاتەوە. دەقەکە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٣٢٢دا نووسراوە لە ١٣٣٩ لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو بۆتەوە و دووبارە لە ساڵی ١٣٥٣ لە دیوانەکەیدا چاپ دەکرێتەوە. هێمن ساڵی ١٣٤٠ نامەیەکی تری بۆ ڕۆژنامەکە ناردووە کە بەشێکی لە ژمارە ٩٧دا بڵاو دەکەنەوە. ئێمەش بەشێکی لێ دەخەینە ڕوو:

> من لەوانە نیم کە دەگەڵ دوو قسەی لەت‌وپەتیم کرد و دوو شیعری لەنگ‌ولوێرم وت، پێم وا بێ کە دونیا لە شەرافەتی منەوە دروست کراوە و چاوەڕوان بم گەلەکەم دەستی ڕاگرێ و ئەمن بە سەریدا بڕۆم، و هەتا مابم کارێکی نەکا دڵم گەردێ بگرێ و پاش مردنیشم کۆتەڵم بۆ بڕازێنێتەوە و گومبەزم لەسەر گۆڕێ بۆ دروست بکا و، بەڵکوو ئامانجم ئەوە بووە ئیستعدادی خودادادی خۆم، کەم یا زۆر، لە ڕێگای خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بەکار بهێنم و لە بەرانبەری ویجدانی خۆمەوە شەرمەزار نەبم؛ جا خەڵک کردەوەی منی پێ بەکەڵک بووە یا نە، کەیفی خۆیەتی. (*کوردستان*، ژمارەی ٩٧، ١٣٤٠)

لە وتەکانی هێمن خۆیەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر حەز بە پیاهەڵدان و پاداشت‌کردنەوە ناکات، نە ئێستا و نە دوای مردنیشی؛ بەڵکوو ئەو دەڵێت ئەرکی سەرشانم بەجێ هێناوە. هەروەها هێمن جەخت دەکاتەوە،کە بەو کارەی دەیکات ویجدانی خۆی ئاسوودە دەکات. بڕوای بە پرنسیپی پێکەوەیی و ژیاندۆستی هەیە. خەڵکیشی سەرپشک کردووە،کە تاچەند لەو کارەی ڕازی دەبن لە نووسین و نامەکانی کە بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە. هێمن ژیانی تایبەتی خۆی بەلاوە گرنگ نەبووە. کاتێک کە دەڵێ: «ژیانی خسووسیم خۆش بێ یا ناخۆش، تاڵ بێ یا شیرین، ئێستا خۆم گەلێک بە بەختەوەر و سەربەرز دەزانم کە لە سایەیی شاهەنشاهە گەلەکەم ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خۆشی و پێشکەوتن دەڕوا و نیشتیمانەکەم ساڵ بە ساڵ ئاوەدانتر دەبێتەوە». دیارە حکوومەتی ئێرانی بایەخی بە بووژاندنەوەی سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت داوە بە کوردستانەکەیشیەوە. ئەو دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کە ناخۆش بووە، بەڵام کە بە شێوەیەکی گشتی جۆرێک لە خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری نیشتماندا هاتبووە کایەوە، خۆشحاڵ‌بوونی خۆی دەردەبڕێت .

شیعری «گریانی نیوەشەو»، لە ساڵی ۱۳۲۷ بەرانبەر ۱۹٤۸ی زایینی نووسراوە. لە ژمارە ۹۸ی ڕۆژنامەی *کوردستان* ساڵی ۱۳٤۰ی هەتاوی بەرانبەر ۱۹٦۱ی زایینی بڵاوی دەکاتەوە، لە دوای تێپەڕبوونی سیانزە ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا، ئەم دەقە بە دەستکارییەوە، لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە:

خەڵک دادەڕنێ بەرگی کار و خۆی حازر دەکا بۆ خەو (ڕۆژنامەی کوردستان ۱۹٦۱ /۱۳٤۰)
خەڵک نووستن و لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو (دیوانەکەی ۱۹۷٤ / ۱۳۵۳)

لە ژمارەی ۹۸دا، هێمن کۆپلەیەکی شیعری بە ناونیشانی «کۆچی یار» بڵاوکردۆتەوە:

ئەگەر چی ڕۆیی، قەت ناچی لەیادم
دەکەم یادت بە یادی تۆوە شادم

ئەم کۆپلەیە لە دیوانەکەیدا لەناو دەقێکیدا بەناونیشانی «موو ناپسێنم»، کە لە پێنچ کۆپلە پێک-هاتووە بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ۱۰۰دا لە ساڵی۱۳٤۰ شیعری «بلوێری شوان» بڵاو دەکاتەوە کە لە دیوانەکەشیدا بە دەستکاری‌کردنێکی زۆرەوە بڵاو کراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳۲۵ نووسراوە. لە ژمارە ۱۰٦ی ڕۆژنامەکە لە گۆشەی «دیاری خوێنەران» نامەیەکی هێمن بڵاو کراوەتەوە، کە وتارێکی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییە بۆ پێگەی شاعیرێتی هەژار موکریانی و دەرخستنی پلەی هونەری ئەو شیعرەی هەژار بە ناونیشانی «کارخانەی قەندی، یا سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی»، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی *کوردستان* لە ژمارە ۱۰۲ی ساڵی ۱۳٤۰ بە دوو بەش بڵاویان کردۆتەوە. هێمن لەم ڕووەوە دەڵێ:

کارخانەی قەندی، یا سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی یەکێکە لە جوانترین، بەکەڵک‌ترین و پڕ ئیحساس‌ترین ئاساری هەژار و تەنانەت دەتوانم بڵێم بە شاکاری وێژەی کوردی دەناسرێ، بڵاوبونەوەی ئەو هەڵبەستە کە کەمەکەمە لەبیرمان دەچووەوە سوودی زۆر گەورەی لێ وەردەگیرێ، ئەو هەڵبەستە بێجگە لەوەی کە لە چاو عیرفانەوە ئەسەرێکی بەرز و بێ‌وێنەیە، لەچاو کۆمەڵایەتییەوەش دەتوانین بەهرەی زۆری لێ وەرگرین. (*کوردستان*، ۱۳٤۰، ژمارە ۱۰۲)

هێمن شانازی بە ئێرانی‌بوونی خۆیەوە دەکات چونکە دەڵێت: «دەبێ هەمووومان پشت لە یەک ببەستین، هەوڵ‌بدەین و ئێران بکەینە ئێرانێک کە چاوی کوێری پێ ڕووناک بێتەوە». دیارە هێمن ئێرانێکی لا مەبەستە کە مافەکانی گەلی کوردی سەلماندبێت و خەڵکی کوردستان تیایدا بە ئارامی و خۆشگوزەرانی بژین. لە ژمارە ۱۰۷ی ساڵی ۱۳٤۰دا شاعیر دەقێکی شیعری بەناونیشانی «چارەنووسی ئادەمیزاد» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ۱۳۳۸دا نووسراوە. بەڵام لە ساڵی ۱۳۵۳دا بە گەلێک گۆڕانکارییەوە، وەک گۆڕینی وشە و دەستەواژەکان، لە دیوانی *تاریک و ڕوون*دا بڵاوی دەکاتەوە.

لە ژمارە ١٢٢دا لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»، هێمن چوارینێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە سەر زمانی کوردی. هەر لە هەمان ژمارەدا «ماچی شیرین» بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقە دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەریدا و پاش کۆمەڵێک دەستکاریکردن، لە دیوانەکەیدا بڵاوی دەکاتەوە. جا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی شیعری هێمن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەقە کۆنەکانی، کە یەکەمجار بڵاو بۆتەوە، نەک ئەو دەقەی کە دەستکاری کراوە. «ماچی شیرین» لە ١٣٣٨ نووسراوە و لە ١٣٤٠ بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاوبۆتەوە، دوای دەستکاری کردنی لە ١٣٥٩ لە *تاریک و ڕوون* بڵاوی دەکاتەوە.

لە ژمارە ١٣٠ لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»، هێمن دەڵێ: «هەر لە سایەیی ئەمنیەتەوە بە هەموو ئاواتی بەرزی خۆمان دەگەین». لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی زۆر زانستی و واقیعانەیە، هەمیشە مرۆڤەکان لە سایەی ئاشتی و ئارامیدا کە بە زۆر نەسەپێنرابێت بەسەریاندا، دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن و ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بەدەست بهێنن. لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»دا هێمن دەقێکی شیعری بە ناوی «هێلانەی بەتاڵ» لە ژمارە ١٣٣ی ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو دەکاتەوە. دەقەکە بە دەستکارییەکی زۆرەوە لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. هەر لە هەمان گۆشەدا چوارینێکی بە ناونیشانی «پەیمانشکێنی» بڵاو دەکاتەوە. ئەم چوارینەیە وەکوو کۆپلەیەک لە ناو دەقێکیدا بە ناونیشانی «موو ناپسێنم»، لە دیوانەکەیدا بە کەمێک دەستکارییەوە بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ١٣٤ی ڕۆژنامەکە هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «گلێنەی شاعیر» بڵاو کردۆتەوە کە هەمان دەق بە کەمێک دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەکاتەوە. لە ژمارە ١٤٢ی ڕۆژنامەکە هێمن دەقێکی شیعری بە ناونیشانی «بولبول و شاعیر» بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقە لە دیوانەکانیدا بڵاو نەکراوەتەوە. لە ژمارەی ١٤٣دا هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «وڕێنەی ڕۆژوو» بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا بڵاو نەکراوەتەوە.

هێمن نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەی *کوردستان* نووسیوە و ئەوانیش لە ژمارە ١٧٢ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوی دەکەنەوە. بەو چەشنەی لە ناوەرۆکی نامەکەدا دەردەکەوێت کە هێمن ماوەیەک بووە شیعر و بەرهەمی خۆی بۆ ڕۆژنامەکە نەناردووە و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە نیگەران بوونە و هێمنیش بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری نەناردنی بەرهەمی خۆی، ئەم نامەیەی بۆیان نووسیوە. ئێمەش لەبەر گرنگیی ناوەرۆکی نامەکە، هەندێک لەوەی پێویست بکات دەیخەینە ڕوو: «لەوەی کە ساڵی ئەوساڵ هیچ دیارییەکم بۆ ئێوە نەناردووە، بە ڕاستی شەرمەزارم، بەڵام بیر نەکەنەوە کە ئەمن لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتەکەم دڵسارد بوومەوە؛ هەتا ڕەگێکی تەڕم مابێ، هەرچی لە دەسم بێ کۆتایی ناکەم، ئەما داخەکەم سەرچاوەی تەبعم وشک بووە! تەسدیق بفەرموون»

(ڕۆژنامەی *کوردستان*، ۱۳٤۱، ژمارە ۱۷۲). لەو وتانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری نەناردنی بەرهەمی بۆ ڕۆژنامەکە، پەیوەندی بە دڵساردبوونەوە و دورکەوتنەوە نییە، بەڵکوو بە ڕای خۆی پەیوەندی بە سەرچاوەی شیعرەوە هەیە، کە بابەت و پاڵنەرێکی کاریگەر لە ئارادا نەبووە کە سۆز و ناخی شاعیر بورووژێنێت.

هێمن پێی وایە، شاعیر کەسێکی ژیر و وریایە، لە کەسانی تر ناچێ و هەست و بیرکردنەوەی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا جیاوازە. لە بەشیکی تردا دەڵێ: «لەو کوردستانە دوور و دریژەدا، بەڵکە لەو دونیا پان و بەرینەدا هەر ئێوەن کە جار و بار یادم دەکەن و فەرامۆشتان نەکردووم». هەستی نامۆبوون لە زەینی هێمندا ڕەگی داکوتاوە، بە جۆرێک تووشی دابڕانی مەعنەوی و ڕۆحی بووە؛ هەست بەوە دەکات کە لە دەوروبەرەکەی دابڕاوە، درک بەوە دەکاتکە لە دۆخێکی دەروونیی ناجێگیردایە و پێی وایە فەرامۆش کراوە؛ بە بەراورد بەوەی ئەو سەردەمانێک لە کەشێکی ئارامی سایکۆلۆجیی جێگیردا و لە ناو ئەدیب و نووسەران و شاعیرانی قۆناغەکەدا ژیانی بەسەر بردووە. ئەو بایەخدانەی ڕۆژنامەی *کوردستان* بە هێمن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، تاکە هاندەر بووە کە ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی بۆ فەراهەم دەکات. بە لایەوە مرۆڤی ئاسایی بە هەموو شتێک ڕازییە و چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێ کە شوێنەوارێک بەجێ بهێلێ؛ بەڵام شاعیر بەرپرسیارە، دەبێ چاوی هەموو شتەکان ببینێت و بە هەموو ژیانێکیش ڕازی نەبێت.

شاعیر لە نێوان گەشبینی و ڕەشبینیدا تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی بووە، ئاسۆی لێ ڕوون نیە، بە جۆریک کە نازانێت هۆکاری ئەو دۆخە دەروونییەی بە سەریدا هاتووە چییە و بۆچی بەهرەی شیعری وشک بووە، چۆنە کە خەریکە ببێتە کەسێکی ئاسایی. بۆخۆی سێ هۆکاری دەستنیشان کردووە؛ ئەوانیش پیری و لێقەومان و تاڵیی ژیانە، لەگەڵ نائومێدی. بە لای ئێمەوە لێقەومان و تاڵیی ژیان - کە سەردەکێشیت بۆ نائومێدی - هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە دەروونییە نوێیەی هێمنە، کە لە ئاکامی تێکچوونی ژینگە ئەدەبی و سیاسییەکەوە تووشی هاتبوو. ئەو لێقەومانەی باسی دەکات هەر دەبێت کارەساتێکی زۆر گەورە بێت،کە چارەنووسی گەلێک بەکۆمەڵ تووشی دۆخیکی نەخوازراو دەکات و لە ئاکامدا سەرگەردانی و لێقەومانی لێ دەکەوێتە، مرۆڤەکان بەگشتی هەست بە ئازار و ناخۆشییەکانی دۆخەکە دەکەن، بەڵام شاعیران و ڕۆشنبیران بە تایبەتی لە ناوەوە، هەست بە چەشتنی ئازار و مەینەتیەکانی سەرنگوون بوونی واقیعەکە دەکەن؛ هەر بۆیە لەدەستدانی کەسە خۆشەویست و نزیکەکانی، شوێنەوارێک لە بیر و هزری هێمندا جێ دەهێڵێت،کە هەمیشە لە نەستیدا بوونیان هەیە.

هەمیشە داهێنەران بە دوای ژینگەیەکدا دەگەڕێن کە تیایدا ئارامی دەروونی بەدەست بهێنن. شاعیر بۆ دەستەبەرکردنی دۆخیکی وەها، پێویستی بە کەسانێک هەیەکە بەرهەمەکەی

بخوێننەوە و ڕای خۆیانی لەبارەوە دەربڕن؛ ئەوکات هەست بە ئارامی دەکات. هێمن لە دوو لایەنەوە تووشی دابڕان بووە؛ جارێکیان بە هۆی نەمانی کۆماری مەهابادەوە و جارێکیش بە هۆی دوورکەوتنەوەی لە شاعیران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و گەڕانەوەی بۆ گوندەکەیان، کە جگە لە کەسانێکی ئاسایی و سادە، هیچ ئەدیب و خوینەوارێکی وەهای لێ نەبووە کە هێمن بیکاتە هاوڕازی نیاز و خەمەکانی؛ بۆیە، دۆخێکی وەها شاعیر تووشی جۆرێک لە دابڕان دەکات لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرەکەیدا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەیەوێت بە شیعر، کە تاکە هۆکارە، چارەسەریی دابڕانەکەی پێ بکات و کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بخولقێنێت. واتە، منی شاعیر لەگەڵ ئەوانی دەوروبەردا ئێمەیەکی ئارام بخولقێنێت، کە منی شاعیر تیایدا ئارام بێت. ئەو نەیتوانیوە ئەو کەشە لە گوندەکەیاندا بەدەست بهێنێت و دەیەوێ بە شیعرەکانی، کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی دەکاتەوە، ئارامیی بەدەست بهێنێت.

هێمن دڵی بە ژیانی گوندەکەیان خۆش نەبووە، چونکە دوور بووە لە دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی بەهرەی شیعری، چون بەلای هێمنەوە جگە لە بەهرەی خۆڕسکی بۆ نووسینی شیعر، لەگەڵیشیدا پێویستی بە خوێندنەوە و گەشەکردن و پەروەردەکردنی بەهرە هەیە تا شتی تازە و بابەتی نوێ و وێنەی شیعری داهێنراو بێنێتە کایەوە. ئەم قسەیەی هێمن وتە بەناوبانگەکەی هۆراسمان دێنێتەوە یاد، کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی:

> بۆم ساغ نەبۆتەوە کە ئایا خوێندن بە بێ شنەی زۆر و زەوەندی بەهرەی زگماک، یاخود بەهرەی زگماک بە بێ خوێندن چ بەروبوومێکیان ئەبێت، هەر یەکەیان پێویستی بەویتریان هەیە و پەیمانی دۆستایەتییەکی بەردەوامی پێدەدات، هەرکەسێک بیەوێ بەو ئامانجە بگات کە مەبەستێتی، ئەبێ بە منداڵی چەرمەسەرییەکی زۆری دیبێ و هەڵلەرزیبێ و ئارەقی ڕشتبێ و خۆشەویستی و شەرابی لە خۆی حەرام کردبێ. (٢٠٠٥: ٣٦)

هێمن لەگەڵ نامەکەدا شیعرێکی بە ناونیشانی «سایەی غەم» ناردووە و لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە، کە لە حەوت دێڕ پێکهاتووە؛ بەڵام هەمان دەق بە ناونیشانی «بۆسەی ڕۆژگار» بە نۆ دێڕ لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاوکراوەتەوە. دەقەکە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە نائارام و ناجێگیرەی شاعیرە، کە لە ناوەرۆکی نامەکەیەدا ئاماژەی پێ کراوە. دیاردەی غەم و پەژارەیی ڕۆلی بنەڕەتی گێڕاوە لە بنیاتی دەقەکەدا؛ وێنە شیعرییەکان سەرتاپا نوقمی نامۆیی و جۆرێک لە نائومێدین، کە لە ئاکامی ئەو درزەوەی کەتۆتە نێوان شاعیر و دەوروبەرەکەیەوە هاتبوونە کایەوە. شاعیر لەم قۆناغەدا، شیعرەکانی «بۆسەی ڕۆژگار»، «چارەنووسی ئادەمیزاد»، «جۆلانە»، «ماچی شیرین»، «هێلانەی بەتاڵ»، «گلێنەی شاعیر» دەنووسێت، کە ڕەنگپێدەرەوەی قۆناغێکی گرنگی ژیانی شاعیرە. ئەم دەقانە هەموویان لە ساڵی ١٣٣٨دا نووسراون. لە ژمارەی دواتری ڕۆژنامەکەدا بەشێکی تری نامەکەی شاعیر بڵاو کراوەتەوە، کە هەر تەواوکەری ڕەنگدانەوەی دیاردەی نامۆیی

شاعیره: «ئێوه ئاگاتان له حاڵی من نییه و نازانن له چ مەحرومییەت و چارەڕەشییەکدا دەژیم ... بەڵکه موتاڵا بتوانێ کەمێک نارەحەتی و تەنیایی من کەم بکاتەوە» (ڕۆژنامەی *کوردستان*، ۱۳٤۱، ژماره ۱۷۳).

له ژماره ۱۷۵ له گۆشەی «دیاری خوێنەران» شیعری «ئارەزووی فڕین» بڵاو دەکاتەوە:

ژین بە دڵتەنگی و دژی بێ‌کەڵکە ‏ ‏ ‏ گوزەران بۆ من لە نێو ئەو خەڵکە
بۆیە بەجارێ لە ژینم تێرم ‏ ‏ ‏ ناخۆشە، سەختە، چۆن ڕابوێرم؟

لێرەشەوە دەردەکەوێت کە درز کەوتۆتە نێوان منی شاعیر و ئەوانی دەوروبەرەوە:

خێوی بیرێکی بەرزو ڕووناکم ‏ ‏ ‏ کەچی لە لایان پەستم و نەوی
ئەمن کە دەڵێی ئاونگی پاکم ‏ ‏ ‏ نازانم بۆچی هاتمە سەرزەوی؟!

لێرەدا خۆی خستۆتە پلەی فریشتە و پەری و جۆرە مەخلووقێک، کە جیاوازە لە مرۆڤی سەر زەوی لە پاکی و جوانی و زیرەکیدا. ئەم شایانی شوێنێکی بەرزە وەکوو ئاسمان یاخود شوێنێک کە دوور بێت لە مرۆڤ، واتە دەبێت شانازیی پێوە بکرێت و ڕێز لە پێگەکەی بگیرێت. شاعیر وێڵە بە دوای ئازادیدا و گیرۆدەی دەستی ڕۆژگارە، کە تاڵیی ژیان ئۆقرەی لەبەر بڕیوە؛ تێدەکۆشێ تا لێیان ڕزگاری بێت. دەقەکە لە ساڵی ۱۳٤۲ لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو بۆتەوە؛ لە بنەڕەتیشدا لە ساڵی ۱۳۲۸ نووسراوە؛ دووبارە دوای دەستکاری‌کردن و گۆڕانکاری تیایدا لە ۱۳۵۳ لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ۱۸۵ی ڕۆژنامەکە، هێمن شیعرێک بە ناونیشانی «کیژی لادێیی» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳۲٤ نووسراوە و بە زیادکردنی دێڕێک لە *تاریک و ڕوون* لە ۱۳۵۳ بڵاوی دەکاتەوە. لە ژمارە ۱۸٦ دەقێکی هێمن بە ناونیشانی «تۆم هەر لە بیرە» بڵاو دەبێتەوە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لە هەموو دۆخێکدا نیشتمانی لەبیر بیت، واتە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە سەربەستی و لە ژێردەستیدا، دەبێ نیشتمانمان هەر لەبیر بێت. ئەم دەقە بە دەستکاری‌کردنەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ۱۳۲۳ نووسراوە.

شاعیر کۆمەلە شیعرێکی بۆ ڕۆژنامەکە ناردووە کە بەرهەمی چەند ساڵ لەوەپێشی شاعیرە. لە ژمارە ۱۹٤ هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «گێژەڵووکەی خەزان» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳٤۱ نووسراوە. ئەم دەقە بە کەمێک دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەبێتەوە. لە ژمارە ۲۰۰ دەقی «شینی گۆران»، کە بۆ کۆچی دوایی گۆرانی شاعیری نووسیوە بڵاو دەکاتەوە. دیارە کاریگەریی دیاری گۆران بەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات و ڕەوتی شیعری کوردییەوە بە ڕادەیەکە کە گەلێک لە شاعیران شیعریان بۆ نووسیوە. گۆران شوێنەواری گەورەی بەسەر

شاعیرانی قۆناغەکەوە جێ‌هێشتووە؛ ئەم کاریگەرییەی لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەردەکەوێت، ئەگەر بە وردی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە هەڵدەینەوە.

**٣-١- هێمن و ڕووکردن بۆ ڕۆژنامەی *کوردستان* لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە**

پاڵپشت بە بنەماکانی دەروونناسی، هەوڵ دەدەین هۆکاری ڕووکردنە ڕۆژنامەی *کوردستان* ڕوون بکەینەوە، کە هێمن لە دوای دابڕانێکی زۆر لە جەماوەرەکەی و ژینگە ڕۆشنبیرییەکەی، بە وێستگەیەکی لەبار وەسفی دەکات بۆ ڕەواندنەوەی خەم و ئازار و مەینەتیەکانی ڕۆژگار. هێمن دەڵێ:

> ساڵی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی مندا ... لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی ڕووحی هاتم، ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدیە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوە نام. ناتەبایی و ناکۆکیی ناو خێزان و بنەماڵەی خۆمان زۆر کاری کردە سەر من، هەڵەی وام کردن کە نەدەبوو بە هیچ نرخێک بیانکەم و بەسەر پەلی وادا کەوتم کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم، دووساڵ زۆر تاڵ و تفت و پڕ ڕەنج وکوێرەوەریم ڕابوارد و هەزار جار مەرگم بە ئاوات خواست. بەڵام لەپڕ ئەو مژ و هەورە ڕەوی وگزنگی هیوا سەر لە نوێ لە ئاسۆی ژیانمدا ئەنگوت. (١٣٥٣: ٤٣)

لێرەدا دەردەکەوێت کە هێمن لەو ساڵەدا لە دۆخێکی نائارامدا ژیاوە. هەر لەو ساڵەشدا ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی پێدەگات، کە شەش ژمارەی لێ دەرچووبوو. هێمن زۆر خۆشحاڵ دەبێت و نامە و شیعریان بۆ دەنێرێت و ڕۆژنامەکەش باوەشی بۆ دەکەنەوە و نامە و شیعرەکانی بڵاو دەکەنەوە و بایەخی پێ‌دەدەن. ئەم بایەخدانە بۆ هێمن دەبێتە ئامێزی بەهاناوەچوون. لە بەرانبەری ئەم دۆخە ئارامەشدا، شاعیر سوپاسگوزاریی خۆی بۆ فەرمانڕەوایی ئێران بە شیعر و وتار دەربڕیوە.

هەندێ نهێنی و بابەتی گرنگ لە نێو ژیان و بەرهەمەکانیدا هەیە، شاراوەن و تیشکیان نەخراوەتە سەر. لەم ڕووەوە وتەیەکی هێمن خۆی دەهێنینەوە کە دەڵێ: «ئێستاش ئێمە نەگەیشتووینە ئەو زەمانەی بوێرین ڕازەکانی دەروونمان بۆ کۆمەڵ، بۆ خەڵک، تەنانەت بۆ دەستەبژێر دەربڕین» (نامەیەکی ئەدەبی، هێمن، ١٣٥٦). وەک دیارە سانسۆری داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکی بووە لە باس‌نەکردنی ڕاستییەکان و ئاشکرانەکردنی بابەتەکان و مانەوەیان لە لاشعووری شاعیردا. بۆیە هێمن دەڵێ: «تا ئێستا کام کەسی ڕۆژهەڵاتی لە خۆی‌ڕا دیوە بیرەوەرییەکانی خۆی وەک ڕۆسۆ بنووسێ، تا من بوێرم؟» (٢٠١٤: ٥٥٣). کەواتە، کۆمەڵێک نهێنی لە ژیانیدا هەیە تا ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە و کەس پەردەی لە سەریان هەڵنەماڵیوە. خۆی دەربارەی «لە کوێوە بۆ کوێ» دەڵێ: «دەزانم چەند بۆشایی لە نووسینەکەدا هەیە، بەڵام وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوەی زیاتری هەڵنەدەگرت» (٥٥٤). بەم پێیەش، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعیر لە تێکڕای وتارەکانیدا و لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی

کراوەتەوە، هەموو شتێکی نەدرکاندووە؛ کۆمەڵێک هەڵوێست و ڕەفتاری هەیە تا ئێستا زانستیانە و بابەتیانە ڕوون نەکراونەتەوە. هێمن خۆی لە *تاریک و ڕوون*دا دەڵێ: «کە شیعری شاعیرێک یا نووسراوی نووسەرێک دەخوێنمەوە، چ زیندوو چ مردوو، پێم‌خۆشە خۆیشی بناسم» (۱۳۵۳: ۳). دیارە باشترین میتۆدیش بۆ ناسینی شاعیر یان نووسەرێک ڕێبازی دەروونناسییە،کە بەو هۆیەوە دەتوانین پەردە لەسەر جیهانە شاراوەکەی هێمن هەڵدەینەوە، بە تایبەتی لەبارەی بەرهەمەکانی و ژیانیەوە، کە هەندێ شتی هەیە ڕوون‌نەکراونەتەوە، وەک هۆکاری نووسینی هەندێ لە بەرهەمەکانی. بەم پێیە، جگە لە دەقەکە، خودی نووسەرەکەش گرنگە و بە سوودە بۆ ڕاڤەکردنی دەق و گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی دروستی دەقەکە.

چارلز لامب لە بارەی پێوەندی شاعیر بە کۆمەڵەکەیەوە دەڵێ: «خەیاڵی شیعر لە خزمەتی ئەو ئامانجەدایە کە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە پەیوەستە بە واقیعەوە» (اسماعیل، ۱۹۶۳:۳۱)؛ چونکە شاعیر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەجێ‌دەهێنێت، ئەرکەکەش نایەتەدی هەتا لە لایەن کۆمەڵگەوە پێشوازی لێ‌نەکرێ. هەر بۆیە ڕەخنەگران پێیان وایە:

> یەکەم مەرجی داهێنان، سەرهەڵدانی پەیوەندییەکی دیاریکراوە لە نێوان داهێنەر و کۆمەڵەکەی، واتە من و کەسانی تردا [...] حاڵەتی ئێمە بناغەی هاوسەنگی سایکۆلۆژی کەسێتی پێک‌دێنێ و هەر گرفتێک تووشی ئەو بناغەیە بوو، ئەوا درزیش دەکەوێتە هاوسەنگیی کەسێتییەوە، بەرەو دۆخی نائارامی و دڵەڕاوکێ دەبێتەوە. لەم دۆخەشدا کەسەکە هەوڵ دەدات ئەو درزە پڕ بکاتەوە کە تووشی ئێمە بووە، تا هاوسەنگییە سایکۆلۆژییەکە بەدەست بهێنێتەوە و دۆخە نائارامەکە بڕەوێنێتەوە. (عەلی، ۲۰۰۵: ۳٤)

هەنگاوی داهێنەر لەگەڵ درزکەوتنە ناو ئێمە دەست پێدەکات؛ ئەو درزەش نائارامیەک لە مندا دروست دەکات کە دەیەوێ بیڕەوێنێتەوە. جا ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بە درزکەوتنە ئێمە، کەسی داهێنەر هەوڵ دەدات ئەو درزە پڕ بکاتەوە تا لەو نائارامی و دڵەڕاوکێیە ڕزگاری بێت، کە لە ئاکامی لەت‌بوونی ئێمەوە دوچاری بووە (عزالدین، ۲۰۱۵: ۱۱۱). ئەو درزەی، کە کەوتبووە نێوان هێمن و کۆمەڵگاکەیەوە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیەوە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا پڕی بکاتەوە؛ هەر بۆیە بە پەرۆشەوە لە دوای بینینی ڕۆژنامەکە شیعر و نامەیان بۆ دەنێرێت و بەڵێنیان دەداتێ کە بەرهەمی ئەدەبییان لێ نەبڕێت.

پرۆسەی داهێنان بەبێ خوێنەر یان چێژلێ‌وەرگرانی داهێنان پێک‌نایەت، چونکە «ڕووکردنە گوێگر و خوێنەر لە پێناو بەدیهێنانی ئێمەیەکی نوێدا، بۆخۆی بەشێکی سەرەکیی داهێنانە. بە لای شاعیرەوە گرنگە ئەوەی نووسیویێتی بیخاتە بەردەستی خوێنەرەکانی. ئەم گرنگی‌دانەش بە بڵاوبونەوەی بەرهەمەکەی، دەلالەتی خۆی هەیە؛ ئەویش هەوڵی منە بەرەو پێکهێنانی ئێمەیەکی نوێ کە ئارامشی بۆ دێنێ، لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ دووری دەخاتەوە» (السویف، ۱۹۵۹: ۱۳۷). لە

بارەی ڕاستگۆیی و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیرەوە نکووڵی ناکرێت، چونکە بە ڕاشکاوی و بێ سڵەمینەوە دەڵێ من مرۆڤم و لە هەڵە وکەموکووڕی بەدوور نیم: «من ئینسانم، نە مەلاییکەم و نە پەری. دەخۆم، دەنووم، شاد دەبم، وەڕز دەبم، دەگریم، پێدەکەنم، دەترسم، ناهومێد دەبم، داروبەرد نیم، لەو ماوە دوورودرێژەی ژیانمدا زۆر کاری چاکم کردووە و بەسەر خراپەشدا کەوتووم» (هێمن، ١٣٥٢: ٤٤).

### ۴- ئەنجام

گۆران دەنگێکی دیاری شیعری ناو ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تارانە. بەخشینی ناسناوی خوای شیعری کوردی لە لایەن لێکۆڵەرانی کوردەوە بۆ گۆران کارێکی گرنگ بووە. هەر زوو ناوبانگی لە ناوچەکە و جیهاندا بڵاو بۆتەوە. تایبەتکردنی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بۆ گۆران لە ئاکامی بایەخدانی ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئێرانەوە بوو. گۆران لە شیعری ئینگلیزی و تورکی ئیلهامی وەرنەگرتووە بۆ نوێکردنەوە و شێوازی شیعری لە ژێر کاریگەری لاساییکردنەوەی ئەو دوو ئەدەبەدا هەنگاوی نەناوە، بەڵکوو سوودی لە بەرهەمی فۆلکلۆر و داستانی کوردی وەرگرتووە. کاریگەریی گۆران لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات بە ئاشکرا دیارە. زۆرێک لە شاعیرانی سەردەم، کە شیعریان لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاو کردۆتەوە، لەسەر ڕێچکە و شێوازی گۆران ڕۆیشتوون و پەیڕەوی ستایلی شێوازەکەی گۆرانیان کردووە. هێمن شاعیرێکی دیاری کوردستانە، کە ناوبانگی نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە عێراقیشدا بڵاو بۆتەوە. هێمن هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە ڕۆژنامەی *کوردستان* داوە و شیعری بۆ ناردوون، بەڵام لە دوای ساڵانێک، کە شیعرەکانی لەچاپ دەداتەوە، هەندێکیان دەستکاری دەکات و هەندێکیشیان فەرامۆش دەکات. هێمن وەک شاعیرێک و ڕۆشنبیرێکی گەلەکەی، هەمیشە ئاواتی خواستووە کە بڵاوکراوە هەبێت و بەزمانی کوردی بابەت و بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی تیادا بڵاو بکرێتەوە. ئاواتی ئەوە بووە کە شیعرەکانی بگاتە دەستی جەماوەرەکەی. لە ئەنجامی تێکچوونی دۆخی سیاسی و ناسەقامگیریی سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراندا، هەمیشە تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بۆتەوە و لە ڕووی دەروونییەوە بە دۆخێکی ناجێگیر و نائارامدا تێپەڕیوە. هۆکاری ڕووکردنە ڕۆژنامەی *کوردستان* و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، ڕەهەندێکی دەروونی هەیە. هەمیشە داهێنەران بەدوای کەشێکی ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێن کە تیایدا منی شاعیر لەگەڵ ئەوانی دەوروبەردا بە ئارامی بژین. هێمن وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەی، خۆی لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بواردووە؛ چ سەبارەت بە ئەوانەی پێوەندییان بە خودی کەسێتیی خۆیەوە بێت، یاخود ئەوانەی پەیوەندییان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلەکەیەوە بێت، وەکوو نووسینی وتار و شیعر بۆ مەحمەدڕەزاشا و وەلیعەهدی کوڕی، کە وەک خاڵی لاوازی مامۆستا هێمن لە ژیانیدا تۆمارکراوە. گۆڕینی بیری

نەتەوەیی کوردی بۆ بیری نەتەوایەتیی ئێرانی لای هێمن لە وتارەکانیدا دەرکەوتووە. دەستکاری‌کردنی شیعر لە دوای بڵاوبوونەوەی، لای هێمن بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و هەمیشە دەبینین وشە و دێڕ و ناونیشانەکان دەگۆڕێت؛ تەنانەت لابردنیشی زۆرە و هەرچی بەدڵ نەبووبێت لای‌بردووە.

## منابع

### کوردی:


ئاشنا، ئومێد. (٢٠٠٢). *گۆران: نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی*. هەولێر: ڕۆشنبیری.

سەردەشتی، یاسین مەلا تاها بەرزان. (٢٠٠٩). *مێژووی هاوچەرخی ئێران*. سلێمانی: مەحوی.

سەعدوون، سامان عیزەدین. (٢٠١٥). *دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە*. سلێمانی: غەزەڵنووس.

عەلی محەمەد، دڵشاد. (٢٠٠٧). «گۆران : داهێنان و نوێخوازی». *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*. س. ٢، ژ. ٢٠.

قادر. ئەحمەد مەحمەد و عوسمان، کاروان. (٢٠٠٩). *هێمن لە نێوئەدەبدا*. سلێمانی: ڕەنج.

ڕۆژنامەی *کوردستان* (٢٠١٢). ژمارە ١ – ٢٠٩، ١٣٣٨/٢/٥ هەتا ١٣٤٢/٥/٢٩ / ١٩٥٩ – ١٩٦٣ تاران. لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی چاپ کراوە. سلێمانی: بنکەی ژین.

شێخولئیسلامی، محەمەد ئەمین (هێمن). (١٣٥٣). *تاریک و ڕوون*. بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا.

---. (٢٠١٤). *سەرجەمی بەرهەمەکانی*. هەولێر: چاپخانەی هەولێر.

هۆراس. (٢٠٠٥). *هونەری شیعر*. و. عەزیز گەردی. ،چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.


### عەرەبی:


إسماعيل، عزالدين. (١٩٦٣). *التفسير النفسي للادب*. بيروت: دار الطباعه.

السويف، مصطفى. (١٩٥٩). *الأسس النفسية للإبداع الفني في الشعر خاصة*. ط. الثانية. مصر: دار المعارف.